CAMBRIDGESHIRE
FIRE & RESCUE SERVICE
*Working together to improve community safety*

**بەخێرهێنان**

بەخێر بێن بۆ ماڵپەڕی خزمەتگوزاریی ئاگرکووژانەوە و رزگارکردن لە کەمبریج شایر.

خزمەتی ئێمە ئاراستە ی دەوروبەری 700 هەزار کەس لە دانیشتوانی کەمبریج شایر و پیتەربورۆ دەکرێت. ئێمە شارەزای هەمە چەشنە بوونی کۆمەڵگاکان و ئەو تاکە کەسانەین کە لە گەڵیاندا دەژین و کاریان بۆ دەکەین و هەوڵیش دەدەین باشترین خزمەتگوزاریی گونجا و ئاراستە بکەین.

ئێمە ئەم بەڵگەنامەیەمان بۆیە ئامادە کردوە کە زانیاریی گرنگ سەبارەت بە رێکخراوە و خزمەتگوزارییەکانمان ئاراستەی ئێوە بکەین. هیواداریین کەڵکی لێ وەربگرن، بەڵام ئەگەر زانیاریی زیاتریان بە زمانی خۆتان پێویست بوو، تکایە دوودڵ مەبن و لە سەر ئەو زانیارییانەی خوارەوە پەیوەندیمان پێوە بکەن.

**رێنومایی خۆڕایی سەلامەتی ئاگر**

ئێمە لە پێشکەش کردنی رێنومایی سەبارەت بە خۆپارێزیی چالاکین، بۆ ئەوەی لە ژیانی رۆژانەی خەڵکدا لە ناو ماڵ و شوێنی کار بیانپارێزین.

ئێمە کاری پشکنینی پارێزران لە ئاگر **بە خۆڕایی** لە ماڵاندا بەڕێوە دەبەین و سەردانی ماڵتان دەکەین بۆ ئەوەی یارمەتیتان بدەین مەترسی ئاگر بناسن. هەروەها یارمەتیتان دەدەین پلانی رێگایەکی هە ڵاتن بۆ کاتی ئاگر داپڕێژن. ئەگەر زەنگی دووکەڵتان نەبێت، ئێمە یەکدانەتان **بە خۆڕایی** بۆ دادەمەزرێنین و پێشانتان دەدەین چۆن ئەزموونی بکەن و پێتان دەڵێین چۆن بە باشی رایبگرن.

ئەگەر زەنگی دووکەڵ لە ماڵتاندا نییە، هانتان دەدەین پەیوەندی بە ئێمەوە بکەن بۆ ئەوەی بتوانین یەکدانەتان بۆ دابمەزرێنین. بۆ ئەم خزمەتگوزارییە هیچ پارەیەکتان لێ ناستێنین. کارێکی بە سوود دەبێت ئەگەر لە کاتی سەردانی ئێمە کەسێکتان لە گەڵدا بێت بۆ ئەوەی بتوانێت تەرجەمەتان بۆ بکات.

ئێمە هەروەهاناملیکەی پارێزران لە ئاگرمان بە گەلێک زمانان هەن. بۆ پشکنینی سەلامەتی ئاگری ناوماڵ یا داواکردنی ناملیکەی سەلامەتی ئاگر، دەتوانن پەیوەندی بە ناوەندی ئاگرکووژانەوەی خۆجێ یی بکەن لە سەر ئەم ژمارە تەلەفونە: 01480 444666، یا بە م ئی مەیلە: enquiries@cambsfire.gov.uk

## زانیاری بۆ ئەوانەی خاوەن کاسبین

ئەگەر بەرپرسی موڵکێکی کاسبی کردن لە هەرێمی ئینگلتەرا و وەیلز بن، ئەوا یاسای ساڵی 2005 ی سەلامەت بوون لە ئاگر دەتانگرێتەوە.

ئەوەش یاسایەکی حکوومییە کە داوا لەو کەس(ان)ە دەکات وا بەرپرسی موڵکێکی کاسبی کردنن بۆ ئەوەی ئەم ئەرکانەی خوارەوە بەڕێوە بەرن:
- کاری هەڵسەنگاندنی مەترسی بەڕێوە ببەن
- ئەوەندەی دەکرێت لە مەترسییەکان کەم بکەنەوە
- پلانی مامەڵەکردن لە گەل کیشەی کوت وپڕ ئامادە بکەن
- ئەنجامەکانی ئەو پلانە تۆمار بکەن

تکایە سەرنجی ئەوە بدەن کە شەهادەی ئاگرکووژاندنەوە ئیتر کۆن بوە و باوی نەماوە.

بۆ زانیاریی زیاتر، پروانە بەشی"سەلامەتی ئاگر/ لە شوێنی ئیش و کار" ('Fire Safety/In the workplace) لە سەر ماڵپەڕەکەی ئێمە، یاخود تەلەفون بکە بۆ ژمارەی 01480 444500 و داوای فەرمانبەری خۆجێ یی سەلامەتی ئاگر بکە.

## ئیش کردن بۆ ئێمە

ئامانجی ئێمە ئەوەیە فەرمانبەرەکانمان نوێنەرایەتی ئەو کۆمەڵگایانە بکەن کە خزمەتیان ئاراستە دەکەین و لە رێکخراوەکەماندا بایەخێکی زۆر دەدەینە بەرانبەریی و هەمەچەشنی لە شوێنی ئیش کردن.

گەلێک دەرەتانی ئیش کردن بۆ خزمەتگوزاریی ئاگرکووژاندنەوە لە کەمبریج شایر هەیە چ بۆ ئەوانەی وا لە هێڵی پێشەوە وەک ئاگرکووژێنەر ئیش دەکەن، چ ئەوانەی کە وەک پسپۆری شارەزای کاروباری سەلامەتی کۆمەڵگا، دارایی، بەڕێوەبەرایەتی، تەکنولۆجی زانیاری، سەرچاوە ئینسانییەکان و بەشی پەیوەندگرتن، واتە لە پشت شانۆوە کاروبار بەڕێوە دەبەن.

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە کاری دامەزران و یەک لەوانە، ئیشو کار و شوێنە بەتاڵەکانی ئێستامان، تکایە بگەڕێوە سەر ماڵپەڕەکەمان www.cambsfire.gov.uk و کرتە بکە لە سەر بەشی دامەزران (Recruitment) لە بەرنامەی لاپەڕەی سەرەکیدا، لە لای دەستە چەپەوە. ئەگەر دەتانەوێ پەیوەندی بە ئەندامێکی تیمی سەرچاوە ئینسانییەکانە وە بکە ن، تکایە تەلەفون بکەن بۆ ژمارە 01480 444528 یاخود ئی مەیل بنێرن بۆ enquiries@cambsfire.gov.uk

تکایە لە بیرتان نەچێت کە هەموو ئیشو کارێکی لای ئێمە پێویستی بە شارەزایی هەیە لە زمانی ئینگلیزیدا.

## گازندە و پێزانین

ئامانجی ئێمە ئەوەیە هەموو کاتێک باشترین خزمەتگوزاری ئاراستە بکەین. هەر بۆیەش، ئەگەر هەڵەیەکمان کرد، یا ئەگەر پێتان وایە دەتوانین کارەکانمان بە شێوەیەک لە شێوەکان باشتر بکەین، ئێمە بە راستی دەمانەوێت بزانین.

بە هەمان شێوە، باشتر وایە ئەگەر هەڵەیەکمان کردبێت بە چاومانیدا بدەنەوە، لە بەر ئەوەی

ئەم کارە یارمەتیمان دەدات خزمەتەکانمان باشتر بکەین و بەشداری مامەڵە کردنی باش بین.

دەتوانن لە سەر ئەم ئەدەرسەی خوارەوە نامەمان بۆ بنووسن، یا بەم ئیمەیلە پەیوەندیمان پێوە بکەن feedback@cambsfire.gov.uk

Fire Headquarters
Hinchingbrooke Cottage
Brampton Road
Huntingdon
Cambs
PE29 2NA

**سپاستان دەکەین بۆ سەردانی ماڵپەڕەکەمان**